# هەڵبەستی سووڕی دەوران



## مامۆستا هێمن


ئامادەکار: فاروق فەرهاد

# سووڕی دەوران

## مامۆستا هێمن

ئامادەکار: فاروق فەرهاد
چاپی سوئد ــ2017

ناوی کتێب: هەڵبەستی سوورِی دەوران
شاعیر : مامۆستا هێمن
ئامادەکار: فاروق فەرهاد
ساڵ و شوێنی چاپ : سوئد 2017
ژمارەی ئەسپاردن : ISBN978-91-639-3460-5
چاپخانەی نینا NINA TRYCK AB


پێشکەشە بە برای خۆشەویستم
١٩٧٥/١٢/٢

# پێشەکی :

چەند مانگ لەمەو بەر، لە شاری ڤێستروسی وڵاتی سوئێد، میوانی ماڵی کۆنە ئاشنایەکمان بووین کە بە بنەماڵەی " حەداد " ناسراون. خانە خوێیانی "حەداد" واتە کاک کەریم حەداد و خانمەکەی خەجیجە خانم، دوای بەخێر هێنان و دانیشتن و قسەکردن، کەوتینە سەر باسی ڕوداوەکان و سەرەنجام سەرمان لە یادی مامۆستا هێمن درەهێنا. ئەوان بۆیان باس کردم کە ماوەیەکی زۆر لە باشووری کوردستان، دەگەڵ مامۆستا هێمن هاوسەنگەر بوون و لە ڕۆژگارانی سەختی ئاوارەیی دا خزمەتێکی زۆریان بە مامۆستا کردووە و وەک ئازیزێکی خۆیان چاویان بە سەریەوە بووە و نازیان کێشاوە.

شەوێکی خۆش و میواندارییەکە ڕەنگین و بەتایبەت کردنەوەی پرێسکەی کۆنی بیرەوەری سەد هێندەی تری خۆش کردین. ئاڵبۆمی وێنەی سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتییان هێنا و سەیرمان کردن. من لە بینینی چەند وێنەی دەگمەنی مامۆستا هێمن گەشکە بووم و بە دڵەوە سەیرم کردن. خەجیج خانم کە دیتی من بە دیتنی وێنەکانی مامۆستا هێمن لە ڕادە بەدەر کرامەوە، گوتی: " ئەم وێنانە بایەخی خۆیان هەیە و من لەوانە پڕ بایەختر، یادگارێکی زۆر تایبەتیی مامۆستا "هێمن"م هەڵگرتووە، کە لە وێنەکان نامێنێتەوە."

باسی کاسێتی دەنگی مامۆستا هێمن و شیعر خوێندەوەی بۆ کردم و بە دەم قسەکردن، هەستا و کاسێتی هێنا و گوتی:

"ئەم کاسێتە زۆر تایبەتە و مامۆستا بە دەنگی خۆی، بە یادگار بۆی تۆمار کردووم و پێشکەشی کردووم. من ئەم وێنانە و کاسێتەم وەک گلێنە چاوم پاراستووە و هەر ڕامگرتوون. من ئەم کاسێت و وێنانەت دەدەمێ، چونکە من پێم وایە کەلەپور ملکی کەسان نییە و ماڵی گەلی کوردە.

ئەو شەوە و ئەو هەڵکەوتە هەر وەک خەون و خەیاڵ بوو بۆم. گوێم لە دەنگی مامۆستا هێمن ڕاگرت و ئەوەندەی تر گەشامەوە. هۆنراوەیەکی کە مامۆستا بۆ خەجیج خانمی تۆمار کردبوو، شیعری درێژی "سووری دەوران" بوو. ئەو شیعرە بەرزە ئەگەر هی شاعیری نەتەوەیەکی سەربەخۆی خاوەن فەرهەنگ بوایە، شانی لە شانی شیعرەکانی شکسپێر دەدا. من و گوڵاڵە، دەنگی مامۆستامان دەگەڵ شیعری "سووری

دوەران"، کە دەگەڵ کۆمەڵە هەڵبەستی مامۆستا هێمن، بە ناوی "ناڵەی جودایی"، ساڵی ١٩٧٩، لە بەغدا چاپ کراوە، بەراورد کرد.

من و گوڵاڵەی خێزانم بۆ بەراوەرکردنی شیعری "سووڕی دەوران"ی دەنگی مامۆستامان دەگەڵ دەقی هەر ئەو هۆنراوەیە لە ناڵەی جودایی دا، بە ماوەی نزیک بە کاتژمێرێک کارمان لەسەر کرد و لەبەر یەکمان دانان. ئاکامی بەراوەرد کردنەکەمان، نیشانی دا کە ئەو شیعرەی کە لە بەغدا چاپ کراوە، دەگەڵ خوێندنەوەی هەر ئەو هەڵبەستە لە لایان مامۆستا " هێمن" وە، جیاوازییان هەیە. گەلێک وشەی گۆڕدراوە و هەندە بەیتێکی چاپ نەکراوە. بۆ نموونە:

لە ناڵەی جودایی ل.٥٥دا ئەم بەیتە ئاوا هاتووە.

لەبارێ، نازەنینێ، کوڵمە ئاڵێ
نیگارێ، دڵ ڕفێنێ، چاو کەژاڵێ

لە کاسێتکە مامۆستا خۆی ئاوا دەخوێنیتەوە.

نیگارێک، دڵ ڕفێنک، کوڵمە ئاڵێک
لەبارێک، نازەنینێک، چاو کەژاڵێک

یان لە ناڵەی جودایی ل. ٦١ دا ئەم بەیتە ئاوا هاتووە

لە سوێی ئەو شۆخە ئۆقرەی لێ بڕا بوو
لـــــە ژیندا ژان و ئێشی پێ بــڕابــوو

لە کاسێتکەدا مامۆستا ئاوای دەخوێنێتەوە:

لە ژیندا ژان و ئیشی پێ بڕا بوو
لە سوێی ئەو شۆخە ئوقرەی لێ بڕا بوو

لە ناڵەی جودایی ل. ٦٣دا دوای ئەم بەیتە چەند بەیتی تیدا نییە:

هەتا کەی داخرێ سینگ و بەرووی من!
هەتا کەی نەشکێ تاسەو ئارەزووی من!

مامۆستا دوای ئەو بەیتە، ئاوای دەخوێنێتەوە:

مژینی پێدەوێ ئـــــەم لێوە تەنکە
کوشینی پێدەوێ ئەم جوتە مەمکە
دەبا بێ و دەستی باوێژێتە ئەستۆم
دەبا بێ و دابـــــمرکێنی کوڵ و کۆم
دەبـــــــا بێ و ڕابموسێ وردە خاڵم
دەبا بێ و وەک کوڕان بخزێ لە باڵم
دەبـــــــا بێ و بمگرێتە گەرمە ئامێز
دەبا بێ و تێمگەینێ پیاوەتی و هێز

لە نێوەی ل.٦٩ تا نێوەی ل. ٧٥ لە کاسێتکەدا نییە. و زۆر بەیتی دیکە کە لە ناڵەی جودایی دا هەیە بەڵام لە کاسێتکە کە مامۆستا دەیخوێنیتەوە، نییە. و لە

ئاخری شیعرەکە، کە لە تاریخی 1978/2/1 لە ناڵەی جودایی دا نووسراوە، مامۆستا تاریخی 1977/2/1 دەخوێنێتەوە.

بە کورتی، بە داخ و مخابنمان زانی کە ئەو شوێنەوارە زەنگین و ڕەنگینە بەم چەشنە بشێوێندرێت. ئەوە بوو ئێمە قۆڵی هەرەوەزمان لێ هەڵماڵی و هەڵبەستەکەی سەر کاسێتەکەمان پیادە کرد. کاسێتەکەشمان وەک فایلێکی دەنگی خستە سەر "سی دی" و لە هۆنراوەی "سووڕی دەوران"یش پەرتووکێکی بچووکمان لە چاپ داوە و پێشکەشی گەلی کوردی دەکەینەوە.

بۆ سازکردنی فایلی دەنگی و سازکردنی "سی دی"، ڕووی نیازمان لە "مەلبەندی هونەریی ماملێ" کرد، کە گەورە ماڵی خێر دەرەوەن و جێگای هومێدن. ئەو مەڵبەندە هێژایە بەڵێنی ساز کردنی "سی دی"ی پێدابن.

بە دڵ سپاسی لاوی تێکۆشەر بنەماڵەی ڕێزداری ماملێ، کاک وریا ماملێ دەکەین، و هەر وەها بۆ ڕێگا پێدانی بڵاو کردنەوە شیعر و دەنگی مامۆستا هێمن، لە خەجیج خانم و کاک کەریم حەداد، و گوڵاڵەی پێشنماز کە زۆری زەحمەت کێشا و پێوەی ماندوو بوو، گەلێک سپاسگوزارم.

فارووق فەرهاد

سوئێد 2017/4/1

## "ســـــووڕی دەوران "

زەمانی زوو هەبـــوو میرێکـــی زۆردار
دزێـــوو دڵ ڕەق و خوێـــن تاڵ و لاسار

دڵـــی خۆش بوو بە ئازاری هـــەژاران
بەدەس ئەو چوون هەزاران و هـەزاران

قسەی خۆشی لەگەڵ خەڵکی جوێن بوو
هەمیشە تیخی جەللادیی بە خوێن بوو

سەری زۆر لاوی جوان چـــاکـــی بڕیبوو
زگـــی زۆر پیـــاوی دڵپـــاکـــی دڕیـــبوو

ڕق و قینی لـــــــــە نێوچاوان دەباری
دزی و سووتمان و کوشت و بڕ بوو کاری

بزەی هەرگـــیز نەبینرا بوو لە سەر لێو
دەغـــەزری وەک یەکانەو بڕڕەکی کێـو

دڕنـــدەی هـــارو مـــاری بێ ڕەزا بـــوو
لـــە تـــالان و بڕۆیە شـــارەزا بـــوو

لـە ترسانی وڵات پڕ ترس و ڕەو بـــوو
ڕمووزنـــەی تاریـــکان و خێوی شەو بوو

گـــڕووگریـــان بە نـــاوی ئەو دەکرد ژیـــر
لـــەوی تۆقیبوو هەم زارۆک و هەم پیـــر

مەکۆی جەردەو چەتان بوو دیوەخانی
غوڵام و نۆکەری بوون نانی نانی

لەوی بێزار بوو ئینسانی بەنامووس
تەشی ڕێس بوو لە دەرکی وی زمان لووس

دەیانکرد خزمەتی وەک دیل و بەندە
هەتیوچەو سەرسەری و سۆدرەو سەهەندە

لە هەق بێزارو دڵ بەستەی ڕیایی
یەکەم تۆچێنی کێڵگەی بێ وەفایی

نەیاری چاکەوو یاری خراپە
خەزێنەی کونبڕ و شاری خراپە

پەڕی قامووسی ئەویان کردبوو داگیر
وشەی دار و تەناف و کۆت و زنجیر

بەڕاستی ملهوڕێک بوو دوژمنی گەل
لە بەر ئەو نەیدەوێرا کەس بڵێ: لەل

خودا ڕازی بوو لێی، ئەمما خوادی شەڕ
لە خەڵکی بەربوو وەک گورگی نێو مەڕ
***
بەڵام کیژێکی بوو ئەو گەندە پیاوە
کە دەتگوت خوشکی ئاونگ و خوناوە

نیگارێک، دڵ ڕفێنێک، کوڵمە ئاڵێک،
لەبارێک، نازەنینێک، چاو کەژاڵێک

بەژن باریک و باڵابەرزو تەڕپۆش
یەسک سووک و ڕەزا شیرین و ڕووخۆش

هەنی جوانتر لە مانگی ئاسمانی
پەری ڕەشدالّی بوو ئەبڕۆی کەمانی

بسک ڕەشتر لە رۆژی ژێر چەپۆکان
پەرێشانێ کە ژیری بۆ پەشۆکان

کەزی خاوتر لە خاوی دا نوالّە
لە شەرمی ڕووی پروکا بوو گولاڵە

ئەوی تیری ئەوین جەرگی نەکۆڵێ
نەبوو ئاگا لە پێکانی مژۆڵێ

بزەی دەرمانی دەردی دەردەداران
وشەی وەک بەستە بارانی بەهاران

سەمای پەریانە دەتگوت لارو لەنجەی
پەری گوڵ دەیوەشاندن دەست و پەنجەی

کورەی هەردی دەهێنا گۆی مەمانی
لە کن وەی تامی دەسبازیی دەزانی

تەبیعەت ئەو کرەی وا ورد تەنیبوو
خودای جوانی لە خۆشیانی خەنیبوو

لە گەڵ ئەو جوانی یە خێوی شەرم بوو
دلّی زۆر نەرم و خوێنی زۆر گەرم بوو

هەموو شێوەی لە باوکی خۆی جودا بوو
فریشتەی پاکی یو خێری خودا بوو

دەبوو جێی ئەو بەرزتر با لە هەوران
کەچی دەژیا لە ژووری ماڵی گەوران

دەبوو چەتری سەری باڵی هوما بێ
نەوک ئاوا لە بن ڕووپۆش خزا بێ

دەبوو سواری قەڵاندۆشی هەڵۆ با
لە بەرزایی چیا دا سەربەخۆ با

نە وەک لێی داخرابا دەرکی حەوشە
ژیابایە لە نێو ئەو غەورو خەوشە

دەبوو ژوانگەی لەکن ڕاوگەی کەوان با
نە وەک وا چاو لە دەستی دەرکەوان با

لەگەڵ پێروو بکا ڕاز و نیازێ
گەلاوێژی بە هاوڕازی بنازێ

بکا سەیرانی زەردو ماه و ڕازان
لە خەو ڕابێ بە سیرەی سەقرو بازان

گزینگ بنگێوێ کوڵمەی ئاگرینی
شنە ببزێوێ پرچی پڕ لە چینی

لە گەڵ گوڵ پێکەنێ فێنکی بەیانی
سەراسەر پڕ لە خۆشی بێ ژیانی

لەگەڵ بولبول بڵێ حەیران و بەستە
خەڵک شەیدا بکا بەو شۆرو هەستە

بە ئاونگێ بشوا ڕوخساری پاکی
لە پاکان ون نەبێ دیداری پاکی

دەبایە چێژی ئازادی بچێژێ
نە وەک فرمێسکی نامرادی بڕێژێ

دەبوو بوکشن دەس و پەنجەی لە گۆوەند
"کورِی، دیواندرِێ "، بەرد هەڵبرِێ، رِەند *

دەبـــــوو جووتـــی ژیانـــی هەڵبژێـــرێ
نە وەک باوکـــی بە پێشکەشـــی بنێـــرێ

لە کـــوێ بیـــزا لـــەدەم خوێڵێنی دەروێ
لـــــە کـــوێ نێرگـــز لە ژورێ دا دەپشکوێ

کەلاوە لیچـــی تاوســـی شۆخ و مەستـــــە؟
کچـــی جوان و لـــەبـــارو دەرکی بەستـــە؟

کچـــی بێ بەش لـــە نێـــو بورج و قەڵا دا
دورِە، ئـــەممـــا لـــە دورِ دورجـــی بـــەڵادا

دەبـــا هەر ئەتڵـــــەس و دیبای لەبـــەر بێ
کچێـــک رِووبەستـــە و چارشێو بەسەر بێ

بڵا پـــاژنـــەی لە زێر بێ کەوشی جوانـــێ
کـــــە دانـــرابێ لـــە دەرکـــی دەرکەوانێ

بـــــەکاری چـــی دێ زێرو خشڵ و زیـــوەر
کچێکی نەشتـــە نێو خەڵک و جەمـــاوەر

بـــە کەڵکـــی نایە جلکو بەرگی مومتـــاز
کچێکی چــــــاوی دووروابێ وەکوو بـــــاز

لـــە ژاری تاڵترە خـــــــۆراکی چـــەوری
کچێک وەک مانگ نەبێتە دەر لە هەوری

سیاچاڵی کـــــــــچانـە کۆشکـی میـــران
هەزار خۆزگـــەی بە کاولاشی فەقیـــران

بە قانوونی تەبیعەت ناژی بێ جووت
ئەوی ئینسانە، جا دارایە یا ڕووت

کچی میر و گەدا دڵیان هەیە، دڵ
دڵیش ناکا لە دڵداری و ئەوین سڵ

ڕەبەن تامی ژیانێ چۆن دەزانێ
ئەگەر پێ شی بگاتە ئاسمانێ

کەسێک جووتی نەبوو خۆشیی نەبینی
بەهەشت ناهێنێ ڕۆژێ دێرنشینی

کەسێکی ژیانی بێ ژوان ڕابوێرێ
هەموو ژانی جیهانی پێ دەوێرێ

کەسێکی سۆزی دڵداری نەدیبێ
بە فیرۆ تو کە ژیانی سەر نەدیبێ

ئەوین مایەی ژیان و بوون و مانە
ئەوین ڕایگرتووە دەوری زەمانە

ژیانی بێ ئەوین دەشتی نەبوونە
لە سایەی عیشقە ئەم دنیایە ڕوونە

ئەوین نەبوایە پێی ناوێ بخۆی سوێند
جیهان چۆل بوو پەپووش تێیدا نەدەخوێند

ژیانی بێ ئەوین گشتی زیانە
کچیش نەیخوارد فریوی ئەو ژیانە

وەدووی دڵ کەوت و پچڕی بەند و پێوەند
دڵی خۆی دا بە لاوێکی هونەرمەند

هونەرمەندێکی پاکی بەرزە ئاکار
کە جارجار ڕێی دەکەوتە ماڵی خوونکار

هونەرمەندێ کە هەر نەغمێکی تاری
گڕو ئاورینگ و پشکۆی لێ دەباری

هونەرمەندێ کە دەنگی پڕ خورۆشی
بە بەندێ دەیپەڕاند دەردو نەخۆشی

هونەرمەندێ کە هەستی ئاورین بوو
دەروونی پڕ لە ناسۆرو برین بوو

هونەرمەندێ کە سووتاوی ئەوین بوو
هەموو ئەندامی سۆزو تاوو تین بوو

هونەرمەندێ کە زادەی دەردو غەم بوو
زەدەی دەستی ڕەشی دێوی ستەم بوو

هونەرمەندێکی خزمەتکاری کۆمەڵ
نە وەک بێ مایەو و سەرباری کۆمەڵ

هونەرمەندێ بە زگ برسی و بەچاو تێر
لە شەڕ بێزارو دۆستی ئاشتی و خێر

هونەرمەندێکی عەسری فیئۆدالی
دڵی پڕ بوو، بەڵام گیرفانی خالی

شەوانی بەزم و شایی و شەونشینی
لە درزی پەردە یەکتریان دەبینی

کە تێک دەڵقان نیگای پڕ گفتوگۆیان
دەیاندرکاند بە سانی ڕازی خۆیان

کوڕیش سـەوداسەری کیژی ئـەمیـر بوو
لــــە داوی خۆشــەویستی دا ئـەسیر بوو

ئەوین نازانــێ فـەرقی تـوێـژ و چینان
ئەوین نابینــێ بـەیـنی هـۆزو دینـان

ئەوین دوو دڵ دەکـا مەفتوونی یەکتـر
لەکـن ئـەو وەک یەکن ئیسـلام و گـاور

ئـەوین خاتــوو زلێخـای نەرم و هێـدی
دەکـــاتە دیلــی بەنـدی زێـڕ خڕیدی

ئەوینە شێخــی سەنعانــی غەیـب زان
دەکــاتـە گــاورو شوانـــی بـــەرازان
*[بەند هەڵبڕی، ڕەند]

***

ئەگـــەر خاتــوون گرفتـاری ئەویـن بـوو
ئـــەوینی لاوەکـە زیاتـر بەتـین بــــوو

گـڕی گرتبـوو دەروونــی پـڕ لــە جۆشـــی
لـە تاوانـی نەمابـوو هۆشـی خۆشــــــی

دەگـەیە ئاسـمـان هــاوار و نـاڵــــەی
لــــە ژاری دوری لێـــــواو لێـو پیاڵەی

لــــە ژین دا ژان و ئێشـی پێ بــڕا بـوو
لـــە سوێی ئەو شۆخە ئوقرەی لێ بڕا بـوو

ئەوینـی ئــەو دووانە دوور بە دوور بــوو
کـــە دیـواری قـــەڵای مـیری سنـوور بوو

سنـووورو شـووره و تــــامـان و پەرژیـن
لە تامــەزرۆی ئەوینێ تــاڵ دەکـەن ژین

قەڵا سەخت و حەرەمخانە پڕاوپڕ
دەرک گاڵەدراوو پاسەوان دڕ

مەگەر باڵدار بەسەر کۆشکا فڕیبا
مەگەر تۆفان دڵی شوورەی دڕیبا

مەگەر ڕۆژێکی بەزمی بایە خوونکار
کوڕیشیان بردبا بەزمێ بە بێگار

لە درزی پەردە دیبای بەژنی یاری
لە سیحری تێپەڕاندبا سۆزی تاری
***

زەمان ڕابرد، پتر بوو هەستی دۆستی
بەڵێ هەستە، کە میر نایەن دەڕۆستی

لە دەوری هەستی کەس ناکێشرێ شوورە
خەیاڵیش شارەزای پشتی سنوورە
***

هەراسان بوو کچی میری بەجارێ
گوتی: بەسیەتی با ڕاسپێرمە یارێ

ژنێکی ڕاسپاردە کن هونەرمەند
ئیتر ئەو بێ بەشی و سووتانە تا چەند؟!

خەمی دووری نەخۆین، هەرچی دەبێ، بێ!
دەبا بێ وو بڕۆین، هەرچی دەبێ، بێ!

وەڕز بووم لەو ژیان و پنج و مۆرە
بە ئازادی بژیم تاوێکی زۆرە

هەموو زێڕ و جل و نۆشین و خواردن
فیدای یەک دم لەگەڵ ئەو ڕابواردن

هەتا کەی مەینەتی دووری بچێژم!
هەتا کەی ئەشکی ناکامی بڕێژم!

هەتا کەی ئەو نەبینم تێر بە چاوان!
لە سەر من داخرابێ دەرکی باوان!

هەتا کەنگێ خەیاڵ بگرینە باوەش!
بلەرزێنێ مچوڕکی بێ بەشی لەش!

هەتا کەی داخرێ سینگ و بەرووی من!
هەتا کەی نەشکێ تاسەو ئارەزووی من!

مژینی پێ دەوێ ئەم لێوە تەنکە
گوشینی پێ دەوێ ئەم جوتە مەمکە

دەبا بێ و دەستی باوێژێتە ئەستۆم
دەبا بێ و دابمرکێنی کوڵ و کۆم

دەبا بێ و ڕابموسێ ووردە خاڵم
دەبا بێ و وەک کوڕان بخزێ لە باڵم

دەبا بێ و بمگرێتە گەرمە ئامێز
دەبا بێ و تێم گەینێ پیاوەتی و هێز

دەبا بێ و ڕوو بکەینە دوور وڵاتان!
نەجاتم دا لە نێو شوورەو قەڵاتان!

ئەگەر مەردە، بە جەرگە، پاکە، سەرباز
دەبا بێ و من بکا لەم بەندە ئازاد!

نزاو پاڕانەوە و گریان و ناڵە
چ سوودێکی هەیە، نووشتەی بەتاڵە

نەبێ باكی لە خوێڕیی دیوە خانان
بە پیاوان دێنەدەر گەوهەر لە كانان

بە زۆر بشكێ دەبێ دەركی قەڵایە
دەنا ئەو دەركە بۆ كێ ئاوەڵایە
***

ئەوەی بیست لاوو گەشكەی گرت لە تاوان
گوتی: ئامادە وو سازم بە چاوان

دڵم ناوێ نەبێ قوربانی نازی
سەرم ناوێ نەبێتە پردەبازی

ئەوا بۆی ئاوەڵایە باوەشی من
بەسە بۆ من كە ئەو بێتە بەشی من

لە ڕێی ئەو دا بەخت كەم گەر ژیانم
بە سەربەرزی و بە شانازیی دەزانم

لە پێناوی ئەوا گەر بچمە سەر دار
لە ژێر پێم دا دەبینم میر و سەردار
***

شەوە زەنگێ بە زەبری زێڕ و بەرتیل
كراوە دەركی زیندان بۆ كچی دیل

كچە گۆڕییەوە كۆشك و تەخت و بەختی
لەگەڵ ئازادی یو ئازار و سەختی

بە جووت ڕۆیین دەگەڵ یاری وەفادار
بەرەو مولكی ئەوین و ژیانی ساكار

گەیشتنە سەرزەمینی بێ ڕیایی
وڵاتی خۆشەویستی و دڵنیایی

بــــه شــــەو ڕێیــــان بـــەلا ڕێـــدا دەپێـــوا
بە ڕۆژ وون بوون لە نێو ئەشکەوتی کێوا

سنـــووریان هەڵـــبـــوارد و گەیـــنـــە شارێ
لەوێش فەرمانـــــڕەوا بـــوو نابـــــەکارێ

لەوێش میرێکی زاڵم کـــار بـــەدەس بـــوو
لەوێش بێ چاوو ڕوویەک دار بەدەس بوو

لــــەوێش زینـــدان و بەندیخانە پڕ بـــوون
گزیـــر و پاسەوان شوێن گێـــرو دڕ بـــــوون

لەوێش هــەر سەربزێوی باسی ســـەر بوو
لـــەوێـــش دنیا بە کەیفی بێ هونەر بـــوو

لــــەوێش نـــاپـــیـــاوی بازاڕی گەرم بـــوو
لەوێـــش باو بـــاوی پیاوی بێ شەرم بـــوو

لـــــــەوێش پیس و درۆزن کاری باش بـــوو
لـــەوێـــش مەردایەتی و پاکی لەپاش بوو

کـــوڕ و کیـــژی نەتـــرسی پاکـــــــی ساکار
لـــە ڕێـــی ژیـــانـــا لـــەوێ بوونـــە کرێکار

دروستـــیـــان کـــردبوو کـــــــەپرێکی لاپەڕ
کــــە دەیهـــێنا لەکن وان کۆشکی مەڕمەڕ

لـــە بۆ نـــانێک و بۆ یـــەک تـــۆزە پێخۆر
یەکێکیان بوو بە پاڵە، یەک بە جل شۆر

ئەگەرچـــی زۆر گـــران بوو ئـــەم ژیـــانە
بەڵام کـــەیفـــی هەبـــوو بەزمـــی شەوانە

بە شـــەو دەســتـــەملان بـــوون تا بەیانـــی
بـــە ڕۆژ ئـــاوارە بـــۆ پـێـخـــۆرو نـانی

لـــــەشی ناسک کـــە ئـــازاری دەبیـنـی
زمان دەیـــگوت ژیان چەند نازەنینـــی!

لـــە دنیا دا نـــەبینرا نـــۆشی بێ نێش
کەسێک خۆشیی دەوێ حازر بێ بـۆ ئێش
***

ئەمیریـــان کرد کە لـــەو کارە خەبەردار
بـــــە خـــۆی دادا وەکـــوو ورچی برینـــدار

بە ڕق داچوو بە ناهـــــەق خوێنی ڕشتـــن
گزیـر و دەرکـــــەوانی گـــرت و کـــوشتـــن

هەمیشە دەیگوت: ئەی لەو ئابرووچـوونە
شتی وا نـــەیبـــووە وێـــــنەو نـمـــوونـــە

کـچی من بـــێ بە جووتی بـۆرە پیـــــاوێ
دەکـــوژرێ، خۆی لـــە ماڵی کابــــە باوێ!

دەبـــێ من چۆن بـــــژیـــم و چـــۆن بمێنم!
لە نـێـو هاوشانـــــی خۆمدا سەر هەڵێنم!

قبووڵ نـــاکـرێ بـــە من سـوکایەتــــی وا
کچی من بێ و لـەگـــەڵ گورکێـکـــــی بڕوا

کچــــی من هەڵگـــرن، وەڵڵاهـی جوانـــــە!
کچــــی من بـــۆ کچـی گـــاوان و شوانـــە!

لـــە نـێـــو مسکێنـــی خۆم دەبمـــە پڵیتە
نە کـــووژم ئەو هەتیـــوە و ئەو سەڵیتـــە

نەیـــان هێـڵـم دەبێ لـــەو سەرزەمیـنـه
لـــــه شـانـم دادڕم ئـەم پینـه شینــه

وەکـار خـەم دەستــەڵات و هێـــزی زۆرم
بە خوێنـــێ ئـــەو پەڵە نەنگـــه وەشۆرم
***
بەڕێــی کـردن گەلی شەیتــان و شۆفــار
هەتـــا بیکەن لە حاڵـــی وان خەبـــەردار

تولــــەی شوێنگێڕی بـەردانـــه ملْ و مـــۆ
وەکـــار کەوتن لـــه ڕاوێچکـــه و لە بابۆ

چ نـــاپیاون ئـــەوانەی عەبـــدی زێـــڕن
وەکو سەگ شوێنـــی جوامێران دەگێـــڕن

چ بێ خێـــرن ئەوانـــــەی سود پــەرستن
دژی ئینسانـــــــی ئـــازاده دەوەســتــن

چ سوکـــن ئەو کەسانـــــــەی خۆ فرۆشن
لــــه بۆ ئـــازاری بێـچاران دەکـــــۆشن

چ سپـڵەن ئـــەو سەگانـــەی گورگەمێشن
کەلاک بـــۆ گورگـــی برســـــی ڕادەکێشن

ئـــەوانەی بـــەد زمان و چـــاو چنـۆ کن
لە پێش چـــاوی خەڵک چوار پێ و کسۆکن

گـــــەڕان شۆفارەکــــان قوژبـــن بە قوژبـــن
وڵاتیـــــان دا ســــەراســەر سەنگ و سووژن

گـــــــــەڕان شار و گـەڕان دێهات و هۆبە
هــــەموویـــــــان پشکنی نۆبـــه بە نۆبــه

گـــەڕان کێو و چڕ و ئەشکـــــەوت و زەندۆل
گـــەڕان کادێـــن و کۆز و و ئاخوڕ و هـــۆل

سەر و شوێنیان نـــەبوو پەیدا لـە هیچ کوێ
کەسێک نەیدیبـــوو دوو شەیدا لـە هیچ کوێ

بە میریـــان ڕاگەیانـــد وەک ڕۆژە ڕەوشەن:
کـە "لێـره نین، پەڕاندوویانـــە کەوشەن "

گوتی: پێتان دەدەم ئەمجـــارە فەرمـــــان
بـــڕۆن بۆ وڵاتـی دوورو دەوروبـــەرمـــــان

بـــڕۆن و ڕامەوەستـــن، هیـــچ مەترســـــن
هـــەواڵــــــی ئـــەو دووانـــەم بۆ بپـــرسن

لـە هـــــەر جێیە هەبن بیاندۆزنـــەوە بـۆم
وەکـــوو تاژیـــی بەکار بیانقـــۆزنەوە بـــۆم

دەدەم پـــارەو خـــــەڵاتـی باش بە ئـێـوە
کە بـــۆم بەردەس کەن ئـەو دوو سەربزێوە

لە بان هـــەوران بژین یا تـەختـــی بەحران
لـە دوایان خەن بە فێڵ و فەند و مەکـــران

بە شیـــر و شەکـــری پـــەروەردە کـــــراوە
لـــــە نـێـــو تالار و کۆشکـــێ دا ژیـــــاوە

لە نێو کۆشکێ و لـەکن خەڵکی عەزیز بوو
هـــەمیشە خـــاوەنی کۆیلـە و کـــەنیز بوو

ئـــەوی دەستووری دابا جێ بە جێ بـــــوو
لە خۆی زیاتر لـە ژووری ماڵێ کێ بـــــوو!

دەیانکرد باوەشێنی ئەوبەر، ئـــەم بـــــەر
لــــە بن سێـبـەر کچی نـەشمیلــی ئـەسمـەر

کەچــــی ئێستا لـەبـەر سوورە هـەتـــــاوێ
پـــەڕۆ شـــۆری دەکـــا بۆ نــــان و ئـــــاوێ

ئـــەوی بۆ ئـــەو کـــرا، بــــۆ کـــێ کراوە؟
بە خــوای وادیـــارە نووشتــــــەی لـێ کراوە

دەبێ خواردبێتــــی مێشکــی گوێدرێـــژێ
دەنا بۆ نـــانی چۆن ئـــــارەق دەڕێـــــــژێ

مەگەر باوکـــی پەکـی کەوتووە لە تـــاڵان
کـە ئەو ئێستـــا دەکـــا جل شۆرێـــی ماڵان
***
ئـــەوندە تەسکــــە بیری گەنــــدە پیـــاوان
دەکــــەن فەرقی کچی میـــران و گـــــاوان

دەڵێن: "گەنگر و قوماش نابن بە وێڵداش
قسەی کـــەونە پیــــاوانـــەو قسەی بـــاش*"

بە دەست ئێمــــە نیـــە کـــاری خودایـــە
ڕەسەنـــزادە لــە مسکێنـــــێ** جودایــــــە

دەسەلمێنن بـــە پیاوی گـــەوج و ســــــادە
کە "سوار هەر سوارە، پیادەش هەر پیادە***"

کچــــی میران دەبــێ لیـــران وەخۆ خــەن
کچی گـــاوان دەبـــێ ڕیخــی وەکۆ کـــەن

کچـــی میـــری دەبـــێ خۆشـــی ببینـــــێ
کـچـــــی شوانـــی بچـێـتـە نان چنینـــێ

* لـە فۆلکلۆرەوە وەرگیراو

** مسكێن = فەقیر
*** لە فۆلكلۆر وەرگیراوە

***

کچی میری دەبینـــــی باش و ئەفســـــووس
کچــی میری نەبـــوو ئاگــــــای لە جاسووس

دەمـــــەو ئــێــوارە ڕزگـــار بوو لە کـــارێ
گـــــەڕاوە جـــا بەرەو ئامێــزی یـــــــارێ

بـــەڵام جاسووس شوومی پیسی نـــــاپیاو
بە دووی ئەودا دەچوو هەنگاو بە هەنگـــاو

تەماشـــای کرد کـــــە لاوێکــــــــی قوڕاوی
لـــــە ڕێگایـــەی بـــڕیـــوە سیـلە چـــاوی

کە یاری دەرکــــەوت بـــێ ترس و پارێـــز
بـــەرەو پیـــری فڕی ، گرتــی لـــــە ئامێـــز

لـــــــە هێچ کوێ دای نەنا تا بردیە ژوور
ئیتر ڕووی کردە ئەم کەپرە خودای نـــوور
***

هەڵی نا جێـــی ئـــەوان و وەک کرێـــــوە
لـــە لاقانـــــی وەرێـــنـــا هـــەر لــــەوێوە

ترەختان و ڕکێفکوت کــــــەوتە ڕێ یـــە
لە خەڵکی وایە " کابرا ئاوری پــێ یــــــە"*

لە سوێـــی پارە و خەڵاتی باڵی گرتبوو
خەیاڵی مڵک و مـــاش و ماڵـــــی گرتبوو

هەمیشە وایە کـــاری پیـــاوی نـــامەرد
کە سوودی خۆی دەکـــا تەنیـــا بەراوەرد

*لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە؛ کینایەیە لە بە پەلە ڕۆیشتن.

لە خۆی ڕازی بکـــا ئەو میری خوێن خۆر
دەروونی ئـــاشقان بــا بێنێ نــاســـــۆر

خەڵک تووشی بەڵایەک کا جەهەنـــەم
کـــە ئەو دەستـــــی کـەوێ دینارو درهەم

هەتیوبـــار سووک نەبێ با باری قورســـی
کـە بۆی تەرخان کرابی جێ و کورســــــی

بـــە کوچکێـــەوە بـدا جەرگی ژنی پیـــر
هەتـــا چەنگی لە جێگایەک ببێ گیـــــر

بە ئەسفەل* چی بەسەر دێ گیژی بێ کەس
کە ئەو پارەی دەوێ و پارەی دەوێ و بـەس

بەوی چی ماڵی خەڵکی بێ خودان بـــــێ
کە ماڵە جوانەکەی ئەو ئـــاوەدان بـــێ

بە کوشتن دا خەڵک ئۆردوو بە ئـــــوردوو
پەکی پێ نـــاکـــەوێ ویژدانـــــی مـردوو
***
بـــە تاڵووکە گەیشتە دەرکـــــــی میـــری
بە گورجــــی خۆی گەیـــاندە کن گزیـــری

گوتی: زەحمەت نەبـێ پێی ڕاگەێینــــــی
هـــەمـە عەرزێک و عەرزێکـــــی نهێنــــی

گرنگە عـــەرزەکەم، ڕازێکـــە ڕەنگ بــــێ
هەتا زووتر خەبەردار بـــێ درەنگ بـــێ
***
*ئەسفەل = جەهەنەم  بە جەهەندەم!

ئەوەندەی پێ نەچوو بردیانـــــە کن میر
گوتی: ئەی میری خـاوەن ڕاوو تەگبیـــر

لـــە زیادی بێ هەمیشە بەخت و هاتت
پتـــر بێ و هـــەر پتر بی دەستـــەڵاتت

بەجێـــم هێناوە ئەرکـــی نۆکەری خـۆم
تەماڵم دیتـــەوە، من نۆکـــەری تـــۆم*

لـــە سـایەی تـــۆوە خایـــن بیندراوە
چی یە فەرمانـــی گەورەم، وەختـــی ڕاوە

ئیتر نـامـەردە پاشـــەو پـاش کـشاوە
لە خۆشی یان ڕەنگ و ڕووی میری گەشاوە

هەرای کـــــرد: کێ لەوێ یە بێتە ژووری**
بەجـاری داوەرین چەند زرتە ســــووری

گوتی: ئێـوە کە خزمەتکـــاری خـاسن
هەمـوو ئـەم نۆکـەرە باشـــەم بنـاسن

بکەن ئێستا ســـەراپا زێـــڕوەشانـــی
خەڵاتـــی گەورەیـــی دادەن بە شانـــی

***

وەکۆی کـردن لـــەپاشان گـەورە گـــــەورە
هەموو دەستـــەو نەزەر وێستـــان بـــە دەورە

*جاران کەروێشک لە لان دا دۆزینەوەی هونەر بوو. نۆکەرێک لە ڕاو دا کەروێشکی دۆزیبایەوە دەیگوت: نۆکەری ئاغای خۆم پێ دەڵێن ـ هۆی ترماڵە! لە هێندێ ناوچە پێیان دەگوت(دیاردی)
**میرەکان کە بانگی خزمەتکارەکانیان دەکرد ناویان نەدەبردن، هەر دەیانگوت: کێ لەوێ یە؟

چ گەورە گـــــەورە؟ بـەندەو گویَ لـە مست بوون
بـەرەو ڕووی وی هـەموو بـیَ دەنگ و وست بوون

قسە پـــان و ڕەزا گـــران و دەغـــــــەڵـــكـــار
درۆزن، دووزمـــان، پەتیـــــــارە، بیَ عـــــــار

بەگژ خەڵكـــا دەچوون وەک نـــەڕڕە دێـــــوی
كـــــە ئـــــەو دیار بوو، دەبوونە دێڵە ڕێـــــوی

كە میر دەیگوت: ئـــەریَ چبكەیـن بەیانـــــی؟
دەیـــانگوت: گەورەمـــان بۆ خۆت دەزانــــــــی

لــــە خزمـــەت تۆ زمانی نـــاگەڕیَ كـــەس
كە هەر گوێمان هەیە و فەرمانبـەرین بەس

گوتـــــی: ئەی گەورە گەورەی بارەگــــای من
بڵێن ئێستا چـــــی یە تەگـــــبیر و ڕای مـن؟

دەڵێـــن ئەو دوو كەســـەی لێــرە هەڵاتوون
لـــــە پاتەختـــــی وڵاتــــیَ نیشتەجیَ بــــوون

كە  دۆستـــــی خۆمە میـری ئەو وڵاتـــــــە
ئـــەمیرێكـــــی بە زیبک و دەستـــەڵاتــــــــــە

دەڵێـــم چەند كەس لە ئێوە هەڵبژێــــــــرم
بچن، ســـــەوقاتـــی بـــــــاشی بۆ بنێـــــرم

بە نامە لێی بـــــــخـــوازم ڕانەوستـــــــــیَ
دەس و پێی ئـــەو دوانـــەم بۆ ببەستـــــــیَ

بە ڕێیان كـــــاتـــەوە بۆ دەركـــی ئێمـــــە
من ئامادەم ئەویش گـــــەر كاری پێمــــــــە

گوتیان: صەددەق! قسەی میری تەواوە
گوتی: ئیتر قسەم پێتان نەماوە
***

شەوێکی ڕەش وەکوو بەختی ئەسیران
وەکوو دوارۆژی زۆردارو ئەمیران

نە مانگ دیار بوو نە ئەستێرەی گەش و جوان
کوژا بۆوە تروسکەی ئاگری شوان

دەروونی پیاو خراپانە شەوەزەنگ
کە داخنرێ بە بوغز و کینە و ژەنگ

بە ڕواڵەت کش، بەڵام پڕ کارەساتە
هەزاران ڕازی تێدا گەرچی ماتە

لە کۆشک و گرتوخانەی دەرکە بەستە
یەکێک مەستە، هەزاران زارو خەستە

لە لایە لاو دراونە بەر شکەنجە
لە لای دیکە سەمایە و لار و لەنجە

لە کونجێ بێوەژن دەگری و دەناڵێ
لە کۆشکێ بادەگێڕە چاو کەژاڵێ

لە سووچێ باب لە سویی ڕۆڵەی دەسووتێ
لە قەسرێکی دەڕەقسێ نیوە ڕووتێ

کچی بێ کەس بە دەسرەی ئەشکی دەسڕێ
کوڕی ئاغاش بە پارە جوانێ دەکڕێ

هەتیوی برسی چڵمی هەڵدەلووشێ
کوڕی شێخ ئارەقی نابڕێ لە شووشێ

لە لایە چارەڕەش کەوتوە لـــە کــــــۆڵان
لە لایە پارە بەش دەکـــرێ بە کـــــــۆڵان

لـــــە لایـــە جامـی بـادە پڕ کـــــــراوە
لە لایـــە داری ئیعـــدام هــــەڵـخـــــراوە

بەڵـــێ دیارە قەڵای مێرانـــــە شـــەوگـــار
بــــەڵام تێیــدا ونـــە تاوانـــی بەدکـــار
***

کچ وکوڕ نووستبوون بێ خەم لە کەپرێ
نـــەیـــانزانی کـــە دارۆغە دەیـــانگرێ

لە کوێ دڵداری پاکی چاکـــی ساکـــار
دەزانێ فەنـدو فێڵی پیــــــاوی زۆردار

نـــەیانزانی ئـــەوەی ئێرەش ئەمـیـــرە
خەریکـــی زۆڵـــم و زۆر و ڕەش بگیـــرە

لــــە چین بێ یا لـــە ماچین بێ، دیارە
دەرەبــــەگ دوژمنی چینی هـــــــەژارە

لــــە میـران هەر کەسێـــکی دڵنیا بـێ
لە ژینا تووشـــی خێر و خۆشی نابـــێ

لــــە لای خۆیان هەیانە غیرەت و ڕەگ
لە هەر شوێنێ هەبن توخمی دەرەبەگ

لـــــە چین کیژی ئەمیرێ هەڵبگیـــــرێ
لە ماچین کەسری شانە بۆ ئـەمیـــــرێ

لـــەپڕ لێیان وەژوور کــــەوتن یەساوڵ
لە خەودا سواری سینگیان بوون نەخافڵ

نەیانهێشت راپەڕن، ببزوون، هـــەڵستن
دەس و پێ یان بە چۆڵە پێچە بـــەستن

کـــە دوایی هات ئەوێ خانە بگیــــری
بەرِی یان کردنەوە بۆ دەرکی میــــری

***

بـــەیان ئەنگووت و سۆفی تاکە تاکـــە
گوتیان هەستین بچینە نوێژێ، چاکـــە

بلێند بوو بانگدەری کوێری خـــەواڵـــوو
گوتی: بانگی سبەینی دەرنگە یـــا زوو

دەبێ زوو بم هەتاکوو نەبرِێ نـــانـــم
بە بێ دەسنوێژ بدەم بانگی بەیانـــم

لە دارکێشی وەژان کابانی نوێژکـــەر
گوتی: کابرا هەڵەستە جل بکە کـــەر

کە بارت زوو نەکەی بۆت نافروشـــێ
وەگیر نـــاکـــەوێ پـــارەو قورۆشـــێ

کەمی مـاوە لە بۆ جێژنی بەراتـــێ
کراسی نوێ نی یە بۆ شایی فاتـــێ

ژنی پاڵـــە گوتی: هەستە بەسە خەو
خراپی بۆ نەنووستی، فیلە، خەو خەو

پەلەت بێ زوو بگە کارێ و بزانـــــە
مەلا فەرمووی کونی ڕۆژی بەیانـــــە

بە ڕەت بردن گەیشتە ژوورێ ئاغـــا
تخێڵ بوو جا لەنێو بەندی وەتاغـــا

گوتـــــی: خانم بشێلە پێ وو دەستم
دەرنگ هاتوومەوە، وا دیارە مەستم

جەنابی شێخ بە خێزانی دەفەرموو:
"هـــەتیوێکی بنێرە خـــانـــەقا زوو

بلـێ شێخ نوێژی کردو نووستەوە بۆی
خەڵیفە ختمی بۆ خـەڵکی بکا خۆی"

خـــەلیفە پێکەنی و زانی چ بــــاسە
گوتی: باوکم بە قوربانی بێ، خاسە

وڵات ڕوون بوو، کتێبی دەستی دانـا
خـــەرێک بوو تازە بنوێ لاوی دانـا

کــە دایـکی کردیە هـــاوار و فـــریاد
بە خۆیدادا، گوتی: ئەی دادو بێ داد!

چبوو تاوانی ئــەم جووتە فەقیــــرە
کە وایان لـێ بکا ئەم گورگە پیـــرە

ئەوە کار بوو کە کردی ئەم یەکانــە
پەژارەی خستە شاری بەم بــەیانــە

خودایا بــــەس بدە دەستی ئەمیری
خەراپە، بەدفەڕە، بۆ خۆت خەبیری

هەتا کەنگێ دەدەی تۆ بەخت و هاتی
دەزانی چەندە دڕە، نەحلەت لە زاتی!

گوتی: دایە! چی یە ئەم بۆڵە بۆڵـــە؟
گوتی: جەرگم خرابێ هەستە ڕۆڵــــە

ئەمیر ئـــەمڕۆ لە داری دان بە جووتە
کچۆڵەی خۆی و ئەو خۆش خوانە ڕووتە

لـــە شاری کەوتووە هاوارو گریـــــان
دڵی گـەورەو پچووکان بۆتە بریـــان

ئـــەوەی گوت کەوتەوە ئاە و نزوولـە:
خودایا چەند بەدە ئەم میرە خووڵـــە!

دڵی کوو هات بکووژێ ئەم گولانـــــە!
لە یەکتر کا بە ناهەق ئەو دڵانـــــە!

خودای گەورە! بە دەس خۆتە هەموو کار
لـــە سەرمان لابەرە بێ دادیی خوونکار

لـــە سەر دڵداری نۆ لاوان دەکـــووژێ!
کورو کیژان لە پێش چاوان دەکـــووژێ!

گوتی: پاڕانــەوە بێ کەڵکە، دایـــــە!
نزوولە قەت دەڕۆستی زولمی نایـــــە

نەزانە تـــاکو خەڵکی ئەم ولاتـــــە
بەدەس میرانەوە ئەو دەستەلاتـــــە

دەئـــازۆن، ڕادەدەن تـــا بلوێ بۆیان
هەموو سوچێ دەکەن بۆ سوودی خۆیان

بپارێزن هەتا ئـــەو مولک و ماڵـــە
وەبەر پێ یان دەدەن مسکێن و پاڵـــە

ئەوان گیریان کەوێ دەسکەوت و قازانج
بە قوڕ گیرێ دەبـــا سەد ماڵە کرمانج

ژن و پیـاو و کوڕ و کیـژان دەکـــووژن
قسە توندو قەڵەم تـیـژان دەکـــــووژن

هـــەتا خەڵکی لــــە یەکتر وا نــەبانن
ئەوان سواریان دەبن، سوارییش دەزانن

هـــەتا داسێ نـەسون بۆ تۆڵە پــــاڵە
لـەسەر یەک دابنینن بۆ خانمی سواڵە

هەتا میرزا حیکایەت خوانی میـــرە
مــەپرسە دایە لەم کوشت و بگیـــرە

هـــەتا کیژی هەژاران مەشکەژێنـــە
لــە ماڵی وان هەیە ئەو بێنە بێنـــە

کە ژن زانی ئەویش ئینسانە وەک مێر
مـــەڕی میری ئیتر نـــایێتە سەر بێر

کرێـــکار ڕاپەرێ نـــامێنێ میـــرێ
زۆڵم شیپانەکەی بە قورێ دەگیـــرێ

هەتاکوو هێزی ئەم خەڵکە نەجووڵێ
هـــەزار پاڕانەوەت دایە بە پوولێ

کـــــە وریا بوونەوە پاڵەو کرێکار
دەشێوێ ماڵی میرو مەزن و سەردار

کـە میرزا بوو بە ڕۆشنبیری تـــازە
حوکم ناکا لەسەرمان میری تـــازە

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بێ کچی میر
قسێکی کرد کە پەندە بـۆ کـوڕی ژیر

به زۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایـــــه
دەنا ئەو دەرکـــــه بۆ کێ ئاوەڵایــه!

خەبات ڕزگار دەکا دیل و ئەسیـــران
لـــه ناخێ ڕادەکا مەزن و ئەمیـــران


به ئەفسانەی دەزانن سووڕی دەوران
غولام و ورکـــــەخۆری دەرکی گەوران

بەڵام دەوران دەبێ ڕۆژێ بدا سـووڕ
لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵک کووڕ

که گۆپاڵی خەڵک دەرهات له خیـــزی
ئیتر نـــامێنێ زاڵـــم پـــــۆزو فیـــزی
1977/2/1



له بەری ڕاستەوە بۆ چەپ : ١. خەجیجە حسێن ـ ٢. مامۆستا هێمن
سلێمانی ١٩٧٦



لە بەری ڕاستەوە بۆ چەپ ـ ١ ـ کاک کەریم حەداد ـ ٢ ـ مامۆستا هێمن
سلێمانی ١٩٧٥